سالّی دارایی به یاسا دیاردەکریّ.

**ماددەی حەفتا و سیّ :**

هەموو سالّیّکی دارایی ، یاسای بوجەی یەکخراوی هەریّمی کوردستان یاساکاری دەکریّت و ، داهات و خەرجی خەملّیّنراو لە خۆ دەگریّ.

## دەروازەی شەشـەم
## حوکمە کۆتـاییەکان

**ماددەی حەفتـاو چوار :**

هەر یاسا یان پیّڕۆ یان بڕیار یان (مرسوم)یّ کە لە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد یان هاوولاّتیانی هەریّمی کوردستان کەم بکاتەوە یان بەربەستی بکات ، یان پیّچەوانەی حوکمەکانی ئەم دەستورە بیّت ، بە باتلّ لە قەلّەم دەدریّت.

**ماددەی حەفتـاو پیّنـج :**

بە بیّ رەزامەندیی ئەنجومەنی نیشتمانیی هەریّمی کوردستان ، ناشیّ ، کەیانی ، یان پیّڕۆی سیاسیی کۆماری فیدرالیی عیّراق بگۆڕدریّ ، دەنا ، بە پیّچەوانەوە گەلی هەریّمی کوردستان بۆی هەیە مافی خۆی لە چارەنووسی خۆیدا پیادە بکات.

**ماددەی حەفتـاو شەش :**

هەر ناکۆکی و ویّکنەهاتنیّکی دەستوری لە نیّوان دەسەلاّتەکانی هەریّمی کوردستان و هەریەکە لە دەسەلاّتەکانی کۆماری فیدرالیی عیّراق یان دەسەلاّتەکانی هەریّمیّکی دیکەدا رووبدات ، ئەوە ، لەوبارەدا هەوالّەی دادگای دەستوریی یەکیّتیەکە دەکریّت بۆ یەکلاکردنەوەی.

**ماددەی حەفتـاو حەوت :**

ئەم لایەنانەی خوارەوە مافی پیّشکەشکردنی پیّشنیازی هەموارکردنی دەستوریان هەیە :

١. سەرۆکی هەریم.
٢. ئەنجومەنی وەزیران.
٣. ژمارەییّ کە لە چواریەکی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کەمتر نەبن.

**ماددەی حەفتـاو هەشت :**

لە هەریّمدا دیوانی ریقابەی دارایی دادەمەزریّت و ، بە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیّراقەوە پەیوەست دەبیّ و ، ئەرك و پیّکهاتەکانیشی بە یاسا ریّك دەخریّت.

**پیّنج شەممە ٢٠٠٢/١١/٧**

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com